# ڕاسان، پارادایم و سەنتێزێکی فەلسەفی و ڕامیاری بۆ جەوهەری هەبوونی کورد

هادی عەزیزی



**ئاماژە**

لە ڕاساندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەرۆکی ڕاسان زیاتر لێی بدوێین، بەڵام بۆ ئەمەش پێویست دەکا کە شیکارییەکی زانستی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین، هەر بۆیە لەم نووسینەدا بە کەڵک وەرگرتن لە دوو زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی خەسارناسیی دەکەین، هەتا ئامانجەکانی ڕاسان زیاتر بۆ پێکان ڕوونتر ببنەوە.

## پێشەکییەکی گشتی:

هەلومەرج و جوگرافیا چەند گۆشەیەکن کە زۆر جار مرۆڤ بە تاک و پانتایی کۆمەڵگەوە تووشی بوون و نەبوون دەکات. کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو و پارچەکراو لە بەشـــی ناخۆشـــی و چەرمەسەریی ئەم چەند گۆشەیە میراتێکی پێ براوە کە بۆ قەبووڵ نەکردن و بەرپەرچدانەوەی ئەو میکانیزمە داگیرکارییە، بە تایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە زەمەنی ئاکادیمی بوونەوەی گـــۆی زەوییە، بە کەڵـــک وەرگرتن لە جۆرەها هـــزر و ڕوانیـــن هەوڵی خەبات و تێکۆشـــانی داوە و هەمیشـــە ویستوویەتی خۆی لە بەندی ژێردەستی و دیلی بڕەوێنێتەوە.

بەشـــێک لەم نیشـــتمانە کە هەمیشـــە و بێ بڕانـــەوە دژی داگیرکەر شۆڕشـــی کردووە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتانە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ســـاڵەکانی پێش ســـەدەی بیستەم و زووترەوە، لە قۆناخی شۆڕشـــی نەتەوەیی دژی داگیرکەری ئێرانی دەســـتی بە شۆڕش کردووە و هەر جارەش بە کەڵک وەرگرتن لە شۆڕشی پێشوو وەک خولقاندنی کۆتێزێک ویستوویەتی بە هەناسەیەکی تازەترەوە گوڕەپانی خەبات پڕ بکاتەوە.

یەکێـــک لـــەم خاڵـــە جـــێ ســـەرنج و جەوهەرییانەی خەباتی ئەم پارچەیە لە نیشتمان، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتە کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕاگەیەندرا کە بە پلەیەکی بەرزی سەرکەوتن و شکاندنی تەمی سیاسیی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی لە ڕیزبەندی پێشـــەوەی خەبات هێشـــتەوە و هـــاوکات وەک باڵانس و پاڵنەرێک توانی وزە و هێز بە حیزبەکانی دیکەش ببەخشێت.

ڕاسان لە جەوهەری فەلسەفی و سیاسیدا وەک جیهانبینییەکـــی کـــوردی لـــە ڕێڕەوی خەباتی حیزبـــی دێموکـــرات، پەنجەرەیەکی کـــراوەی دێموکراتیکە کە بـــە پابەند بوون بە هەمـــوو بەهـــا نەتەوەییەکان، هەمـــوو باوەڕ و ئایدیایەک لە توێی نەتەوەی دێموکراتیکدا تێک دەهاڵێنێ و جیا لە حاوانەوەی فکری و سیاسی، خزمەتی کورد و کوردستانیش دەکا.

ڕاســـان جیا لـــە میکانیزمـــی بەرەنگاری شۆڕش، لە خودی خۆیدا شۆڕشێکی جەوهەری وێـــژدان و ناخە کە مرۆڤـــی کورد دەرحەق بە مافی کورد و خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاگا دەکاتەوە و بـــە کەڵک وەرگرتن لە هێزی کۆمەڵگە و هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان دەیهەوێ مرۆڤی کورد لە دوو بەستێنی شاخ و شاردا تێکەڵ بە ڕەفی شۆڕشگێڕی بکات.

لە زەمەنـــی دامەزراندنی هەموو حیزبێکی سیاســـیدا، چەند خاڵێکی گرینگ و بنەڕەتی هەیە کە دەکرێ وەکوو سیستمی کارکردن و تەنانەت یاسای حیزبیش کاری پێبکرێت. هەر ڕێکخراوی سیاســـی و نیزامی دوای چل ساڵ کارکردنی تیئۆری و پراکتیک ئەگەر نەیتوانی لە ئامانجەکانی نزیک ببێتەوە یان ئامانجەکانی بپێکێت، دەبێ لە ناوەڕۆک و چوارچێوە و هێزی مرۆییدا خـــۆی نوێ بکاتەوە، ئەگینا تووشـــی پیربوون و قەیرانی سیاسی دەبێت.

حیزبـــی دێموکـــرات بە دوای هـــەوراز و نشیوێکی زۆری مێژوویی هەر لە هەرەسهێنانی ماددی کۆمار (کۆمار بە مەعنەوییاتی سیاسی نەڕووخـــا، چوونکە شۆڕشـــی ۴۷/۴۶ کۆتێزی کۆمـــارە) و شۆڕشـــی ۴۷/۴۶ ی هەتاویـــش توانی لە ســـەرەتای شۆڕشـــی گەلانی ئێراندا، بـــە شـــێوەیەکی جوان و ڕێـــک و پێک وەک خەباتێکی هەمەلایەنە خۆی نوێ بکاتەوە.

ئەگەر بمانهەوێ لـــە دوای زەمەنی هاتنە سەر کاری ڕژێمی ئێرانیش چاوپۆشی لە هەموو ڕووداوەکان بکەین و چل ساڵی ڕەبەق خەبات لە دژی ڕژێمی تێرۆریســـتی ئێران لە لایەک دابنێیـــن، لە ناوڕۆکی ورد بوونـــەوە لە چارت و هەیکەل و بڕیاری حیزبی دێموکرات، خاڵێکی جێـــی ڕامان و ســـەرنج بەرۆکمان دەگرێ کە ئەویـــش تێزی «ڕاســـانی ڕۆژهەڵات»ـە کە بە تایبەتیش لە کۆنگرەی شـــانزدەیەمی حیزبدا ڕەوایی تەواوی بـــە خەباتی حیزبی دێموکرات

بەخشـــی و کە کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە و قەید و بەندی چەند ساڵ مانەوەی باشووری لە پیلی ڕۆژهەڵات داماڵی و توانی بە هەناسەیەکی زیندوو و چواچێوەیەکی ئاپدێت کراو جارێکی تر گۆڕەپانی خەبات دابگرێتەوە. ڕاسان ڕێک لە زەمەنێک سەری هەڵدا کە بیرمەندانی ڕژێمی داگیرکەر و تێرۆریســتی کۆماری ئیســلامی بــە ڕوانینی ئەوەی حیزبەکانــی ڕۆژهەڵات لە قووڵاییی خاکی باشــووری کوردستان تووشی «پیر مردگی» دەبن، وەک قســەی سەر زاریان لە خەباتی ڕۆژهەڵاتیان دەڕوانی. بەڵام ڕاســان وەکوو میکانیزمێکی بەهێزی بەرەنگاری توانی هەموو خەونەکانــی داگیرکەری ئێرانی لە گۆڕ بنێ و جیــا لە قازانج بۆ ناوڕۆکی حیزب توانی گــوڕ و تین بە شۆڕشـــی ڕۆژهەڵات لە هەموو لایەکەوە ببەخشێت.

جیا لەوەش ڕاسان تیرێکی ناوقەدبر بوو بۆ ئەوانــەی کە لە دوو زەمەنی ۲۰۰۴ و ۲۰۰۷ی زایینــی، بــە دەمامکی کوردســتانی گەورە و دروشــمی هەســتیار، هێزی ماددی و مرۆیی ڕۆژهەڵاتیان بۆ شــوێنێکی دیکە ڕادەگواست هەتــا لە خەباتی ڕۆژهەڵات دووری بکەونەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەتی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیان دەکرد. ڕاسان بە شێوەیەکی مەیدانی وڵامی باشوور تەوەر و باکوورتەوەرەکانی دایــەوە و دەمامکی لە ڕووخســاریان داماڵی و هێز و پتانسییەلی ڕۆژهەڵات جارێکی دیکە بۆ خزمەتکردنی ڕۆژهەڵات قازانج کرایەوە.

### ناوەڕۆک:

وەک لە ســەرەوە باس کرا، لە ڕاســاندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەڕۆکی ڕاســان زیاتر لێی بدوێیــن، بەڵام بۆ ئەمەش پێویســت دەکا کە شــیکارییەکی زانســتی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین، هەر بۆیە لەم نووسینەدا بە کەڵک وەرگرتن لە دوو زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی زیاتر بەم حاڵاتەدا دەچینەوە و خەسارناســیی دەکەین، هەتا ئامانجەکانی ڕاسان زیاتر بۆ پێکان ڕوونتر ببنەوە.

### یەکەم:

ڕاسان دژی تەنیایی و ئێلیناسیۆن و گۆشەگیریی تاک لە کوردستاندا؛

زۆربەی زۆری بیرمەندانی دنیا گەورەترین کێشەی ئێستای کۆمەڵگا، وەک قەیرانی هەبوون یان خۆنەناســین لێک دەدەنەوە. زۆربەی ئەو فیلسووفانە باسیان لە ئێلیناسیۆن کردووە و هەر کامەیان بە شێوەیەک لە سەری دواون؛ لەوانە هێگێل و مارکس و فۆئێرباخ و ئێریک فرۆم و.... هتد. لە ناو هەمــوو لێکدانەوەکاندا یەک دۆخ گشتییە؛ ئەویش باس لە هەبوونی دڵەڕاوکێ و بێ ئیرادەیی و خۆدۆڕاندن و دوور کەوتنەوە لە ناخ دەکات. هەروەها لە ناو نووسین و ڕادەربڕینی فیلسووفەکانی زاراوەی ئێگزستانیالیزم یش (کە بریتییــە لە بڕوا بە خۆبوون و هەڵەیە کە وەک پووچ گەرایی لێــک دەدرێتەوە، کە لێرە جێی باس کردنی نییە)، ئەو دۆخە لەبەر چاو گیراوە و بەم شــێوەیە لێکی دەدەنەوە. ئەوان دەڵێن: ئێمەی مرۆڤ لە ناخی جیا لە خۆبوونی خۆمان و جیا لە کۆمەڵگای خۆمان ون دەبین و لە پشت دەمامک و ئەرکی کۆمەڵایەتیدا دەنێژرێین. ئەو دۆخە بــە «غەریب بوون» نێــو دەبردرێ و بە شیکارییەکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە نێوان بوون یا هەبوون، مرۆڤ لێک دەداتەوە.

لێــرەدا مرۆڤ، نوێ بوون لە بووندا دەبینێ و ئەوەش مرۆڤ لە ناخی خۆی دوور دەکاتەوە. هەر بۆیە مرۆڤ تووشــی ئێلیناســیۆن یان لە خۆ بێگانەبوون دەبێ. ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کە ئێســتا لە بارودۆخێکی ئابووریی خراپدا بە ســەر دەبا، ئەوەش لە پێش هەمووشتێکدا ئەو هەلانە لە مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە خۆی ڕابگا و لانیکەم ناتوانێ بە پێداهاتنەوە بە مێشک و ناخ و فێربوونەکانی خۆی نۆژەن بکاتەوە. هەر وەها بن دەســتیی دەوڵەتی داگیرکەر و چاوترسێن کرانی کۆمەڵگا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

جیا لەوەی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری بە کەس نییە، تەنانەت لە خۆشی دابڕاوە. هەموو کۆمەڵگایەک هەر دە ساڵ جارێک پێداهاتنەوەیەکی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە خۆیدا دەکا، بە لێکدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هاتنی جیلێکی نوێ بۆ ناو بازنەی کۆمەڵگا، سەر لە نوێ داڕێژەی بۆ دادەڕێژنەوە و بە میکانیزمی جۆراوجۆر هەڵیدەسەنگێنن، کە لە کۆمەڵگای بن دەستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دۆخە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت و بە سەر خەڵک و کۆمەڵگادا دەشکێتەوە و مرۆڤی کورد زیاتر لە ناو سیاسەتە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی سەردەستدا نوقم دەبێت.

ڕەوشی خراپی کۆمەڵگا ئەو هونەرەشی لە تاکی کورد ستاندۆتەوە کە دەبێ خوێندن بۆ فێربوون و زانست بێ، بەڵکوو ئەو دەخوێنێ هەتا بتوانێ وەک فەرمانبەر لە ناو سیستەمی حکوومەتدا جێی خۆی بکاتەوە، هەتا لە دواڕۆژدا لە برسانە نەمرێت. کەوابوو بەو ئاراستانەدا دەڕوا کە حکوومەت بۆی دیاری دەکا و ئەوەش ئەو مرۆڤانە وا هان دەدا کە نەک لە ناخ بەڵکوو لە هەمووشتێکی خۆی دابڕێت. ئەو مرۆڤە دوودڵە لە زۆربەی بڕاردەکانی؛ تەنانەت لە ئاستی خۆشەویستی و پێکهێنانی بنەماڵە وەک بناخەی کۆمەڵگا بە هێز نییە. هەر بۆیە ئەو ئاکامانەی لێ دەکەوێتەوە کە دواتر بە جیا بوونەوە و لێکترازانی بنەماڵە کۆتایی دێت، کە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو حاڵەتانە پڕە و ئەوەش هەمووی بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەو لە خۆ بێگانە بوونە کە تێگەییشتنی لە گەڵ نییە، هەلومەرجێک دەرەخسێنێت کە وەک چیرۆکی شاری گوڵان، هەمووی بە لاچاو لە یەک دەڕوانن و کەس لەم دۆخە ڕازی نییە و هاوکاتیش کەس خۆی بە خەتابار نازانێ. کۆی ئەم تێگەییشتنە بەرەو ڕووی مرۆڤێکمان دەکاتەوە کە خۆی نییە و خۆی لە پشت دەمامک حەشار داوە و ئەو دەمامکداربوونە کە بە تێپەڕبوونی کات، کەسایەتی بۆ خولقاندووە و کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێناوە، کە جیا لە بندەستی و داگیرکراوی هەڕاجیش کراوە.

> **لە ڕاساندا چەند درووشمێکی بەرجەستەکراو هەیە کە دەکرێ وەک حەقیقەتی ناوەرۆکی ڕاسان زیاتر لێی بدوێین، بەڵام بۆ ئەمەش پێویست دەکا کە شیکارییەکی زانستی ڕۆژەڤانەی بۆ بکەین**

**دووهەم،**

ڕاسان میکانیزمێک بۆ تێکشاندنی سیاسەتی تواندنەوە و ئاسمیلاسیۆن؛

ئاسیمیلاسیۆن بە واتای گشتی یانی لە یەک چوون، یان درووست کردنی وەک یەک. ئەو زاراوەیە زۆرتر لە باری کەلتووری و فەرهەنگییەوە بە کار دێت و لە زانستدا، بۆ کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک بە کار دەبردرێ کە بە شێوەیەکی گشتی لە بن دەستی تاقمێک یان نەتەوەیەک یان حکوومەتێکی حاکمدا، دەتوێنەوە و لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆیان دادەبڕێن کە ئەم بابەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانیش وەک بناخەی کەلتوور هاوڕێیەتی دەکات و دەتوانین بەم شێوەیە ڕوونترنێوی لێ ببەین کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ئاسمیلاسیۆنی زمانی و کەلتووری بکات.

زمان وەک دیاریکەری جوگرافیای سیاسی و بنەڕەتیی کەلتوور، گەورەترین پێناسەیە بۆ نەتەوە بوون. لە ئێران ئاسیمیلاسیۆن بە شێوەیەکی سیستماتیک لە سەردەمی ڕەزاخانی سەواد کوهی دەستی پێکرد، ئەگەر چی هەر لە ڕووخانی مادەکانەوە هەر پاشایەتییەک کە هاتووەتە سەر کار، حەولی ئەوەیان داوە کە کورد لە هەموو شتێک بێبەش بێت،جا

هەر لە چەواشـەکاری مێژوویی و.......هتد. لە سەردەمی پاشایەتیی بە نێو پاڵەیی(پهلوی) بە ناوی ڕیفۆرمەوە کۆمەڵێک یاسای کۆمەڵایەتی و سیاسـییان بە سـەر نەتەوەکانـی جیا لە نەتەوەی فارسـدا سـەپاند کە نەتەوەی کورد زیاتر ڕووبـەڕووی ئەو ئاراسـتەیە دەبۆوە. لەو نموونانە داهێنانی زمانی فارسـی کرماشـانی بوو کە هەتا ئێسـتاش و لە دوای هاتنە سـەر کاری ڕژیمـی خومەینی، ئـەو دۆخە بە هۆی بـە لە خزمەت گرتنی مرۆڤـی کورد بە هۆی ئایینزاوە لە دامو دەزگا نیزامییەکان بەردەوامە و بە تایبەت لە ناو شاری کرماشان تەواو جێی بە شـێوەزارە کوردییەکان چۆڵ کردووە، ئەوەنـدەی حکوومەتی ئێران بـە ڕێگای نیزامیگەرییەوە حەولـی داوە کرماشـان وەک ناوچەیەکی فارس نشین نیشان بدا، ئەوەنـدەش لایەنی کوردی لێـی بەرپرسـیارە کـە وەک خەسارناسـیی سیاسی دەتوانین بڵێین شـۆڕش و سـەرهەڵدان لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بە تایبەت لە هەشـتاکانی زایینیدا نەیتوانیوە لە ناوچەی ناودەرۆن لە کامیاران و شیوی خەراجیان لە ڕوانسەر بەرەو خوارتر بڕوات، هەر بۆیە مۆرکە نەتەوایەتییەکان تووشی کاڵ بوونەوەیەکی بێ وێنە بوون کە زیاتر ڕێگا خۆش کرا بۆ سیستمی داگیرکەر هەتا سیاسەتی خۆی بەرەو پێشەوە ببا.

> **لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دۆخێک لە ئارادایە کە هەموو کۆمەڵگای تەنیوە و تاکی کورد بە گومانەوە لە کورد بوونی خۆی دەڕوانێ و سیستمی زاڵ وای کردووە کە مرۆڤی کورد لە پێشینەی خۆی دابڕێ**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دۆخێک لـە ئارادایە کـە هەموو کۆمەڵـگای تەنیوە و تاکی کورد بـە گومانەوە لە کورد بوونی خۆی دەڕوانێ. سیستمی زاڵ وای کردووە کە مرۆڤی کورد لە پێشـینەی خۆی دابڕێ و ئەو ئاستە تـا ئەو جێگایە پێش کەوتـووە کە لە زۆربەی ماڵە کـوردەکان وێنەی درۆیینی پاشـاکانی هەخامەنشـی(ئەخمینی) هەڵدەواسـرێت و کوردیش وەک فارس ڕۆژانە هەندێک ڕستە و قسەی ڕاست یان ناڕاستی پاشاکانی هەخامەنشی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا شانەوشانیان پێدەکا. لە لایەکی دیکەوە زمان لە هەر کۆمەڵگایەکدا قەدەغـە بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ بازنـەی زمانەوانی و واتای وشەکان لە ڕەسەنایەتی دوور دەکەوێتەوە و هـەر زمانێکیش کە ڕۆژانە بە شـێوەیەکی زانستی کاری لە سەر نەکرا، بەرەو نەمان دەڕوا و لە ناو کۆڵان و بازاڕی نەتەوەیەکی بندەست، قسـە و وێژەی نەتەوەی سەردەسـت و حاکم تێکەڵاوی دەبێـت. ئەڵبەت لێـرەدا مژارێکی گرینـگ هەیە کە باس کردنی جێی خۆیەتی، ئەویش تاقمێک لـە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانن، کە بـە هـۆی سـەرقاڵ بـوون لە دامودەزگاکانی حکوومەتدا و زاڵ بوون بە سەر ناوەندی شارەکانی ڕۆژهەڵاتـدا، بـە جۆرێک وەک بازرگانێکـی خراپ، هاوردەکاری کەلتووری نەتەوەی سەردەستن لە ناوەنـدی حکوومەتەوە بۆ ناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەر شارێک کۆمەڵێک گوندی بە دەوری خۆیەوە خڕ کردۆتەوە وئەو تاقمە بـە نێوی فەرهەنگی بوونەوە تەواو لـە گەڵ مەرامی حکوومەت هەڵدەسووڕێن و ڕۆشنبیرییەکەشیان لە چوارچێوەی ئەو ڕۆژنامانەدا دەسـووڕێتەوە کە کۆماری ئیسـلامیی ئێران چاپ و بڵاویان دەکاتەوە. لە ئاکامدا سیسـتمی حکوومەت بە بڵاو کردنەوەی ئەو هزرە، کە زمانی ئێوە، زمان نییە و شێوەزارێکە لە زمانی فارسی، تاکی کورد تاکی کورد بەرەو ئاراسـتەیەک دەبا کە خۆی لە بەرابەر کەلتووری نەتەوەی سەردەسـت بە سـووک دەزانێ وهەتا ئەو کەندەڵانە دەچێتە پێـش کە لە شـوێنە گشـتییەکاندا لە گەڵ منداڵەکەی بە فارسـی قسە دەکا و کاتێکیش لە گەڵ فارسێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە بە شانازیی

دەزانێ.

**سێیەم،**

ڕاسان دژی کۆچبەر بوون و ئەنتگراسیۆن

ئەنتگراسیۆن بریتییە لە زاراوەیەک کە بۆ کۆمەڵگایەک بە کار دەبردرێ کە باوەشی ئاواڵەیە بۆ کۆچبەر و پەنابەر کە ڕووی تێبکەن. ئەو کەسەی ڕوو دەکاتە ئەو کۆمەڵگایە، کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە سەر شان کە بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەی بە دوا نەکەوێ، دەبێ خۆی لە گەڵ ئەو کۆمەڵگایە بگونجێنێ و لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ فێری زمان و کەلتووری ئەو جوگرافیایە بێت کە دەیهەوێ تێیدا بژیت. لەو نموونە بەرچاوانە کۆچی ئەم دواییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە تایبەت کوردستان بەرەو ئەورووپا بوو، کە ئێستاکە هەمووی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن هەتا فێری زمان و شێوازی هەڵسوکەوتی ئەو وڵاتانە بن.

لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئەو شار و مێترۆپۆلە فارس و تورکانە دەگووترێ کە کورد بە شێوازی جۆراوجۆر کۆچبەری ئەوێ بوون و ئێستاکە لێی نیشتەجێن. لێرەدا جێی خۆیەتی کەلێنی دزێو و بەراوەژووی ئەو دۆخەش بورووژێنین کە ئەویش ئەگەر هەتا دوێنێ باژێر و کۆمەڵگای تورک و فارس وەک ئەنتگراسیۆنێک، کوردی کۆچبەریان وەک خۆیان بار دەهێنا، بەڵام ئەورۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و نەتەوەی سەردەستدا، لە ئاستی ئاسیمیلاسیۆنێکی پێشکەوتوو، ئەرکی هاڕینی تاکی کوردی گرتووەتە ئەستۆ و بە شێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە دەچێت.

لە کۆمەڵگای دەرەوەی کوردستان، مرۆڤی کورد لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بەرەو پێش چوونی ژیانی، کاتێک دەکەوێتە پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی ژیان، ئیتر بە یەکجاری دەتوێتەوە و ئەوەش دوا قۆناخی دەست بەردان لە نەتەوەیە و بە لەدایک بوونی یەکەم منداڵیان، دەبێ بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە نەتەوە و نیشتمانی کوردی بکەن. دوا وتەی ئەم خێزانە کۆچبەرانەش ئەوەیە کە دایک و باوکم کوردن، بەڵام من فارسم.

لە لایەنی خراپتری ئەم حاڵەتە، کە کۆمەڵگای کوردی بۆ خۆی دەبێتە ئەنتگراسیۆن، تەنانەت خێزانی کوردی تووشی ئەو دارمانەش دەبێ کە گۆیا پیاو یان ژنی بنەماڵە لە هەست و خۆشەویستی تێناگا و ناتوانێ بە لایەنی هێمنایەتی ئەوی دیکەیان بلاوێنەتەوە، هەر بۆیە ئەوە باشترین بیانوویە بۆ لاسایی کردنەوە و بە شوێن پێی نەتەوەی سەردەستدا ڕۆیشتن کە ڕۆژانە بە ڕاگەیاندن و سینەما و پرۆپاگەندەی کەلتووری زیاتر ئەو بەستێنە خۆشتر دەکا هەتا نەتەوەکانی دیکەی پێ ڕابکێشێ کە لێرەدا لایەنی نەتەوەیی لێی بەرپرسیارە کە نەیتوانیوە متمانەی کوردایەتی بە تاک و کۆمەڵگا ببەخشێت. لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بە پاڕادایمێک کە لە بن چاوەدێریی کەسانی پسپۆڕ و نەتەوەییدا بێت، تاک و کۆمەڵگای کوردی لەم دۆخە ڕەها بکەین.

## لە کۆتاییدا:

ڕاسان وەک پاڕادایمێک دەتوانێ بە چاودێریی ورد و زانستییانە لە ڕووی پرەنسیبە نەتەوایەتییەکانەوە، چاودێریی هەموو مژارەکانی ناو کۆمەڵگا بکا کە هەر لە ئەلف و بێی بنەڕەتی خوێندنگە هەتا لە نووسرانی تابلۆی سەر دووکان و بازاڕ و ڕاگەیندن و سینەما لە خۆی دەگرێت.

ڕاسان وێڕای ئەوەیکە دەستەواژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی جارێکی دیکە هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و وەک دەزگایەکی حیزبی کارای کردووەتەوە، دەشکرێت لە ژێر سێبەری ڕاساندا دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بکرێتەوە و وەک ناوەندێکی باڵای نەتەوەیی زیاتر و وردتر دیراساتی دۆخی ڕۆژهەڵات بکا.